# جیهاد دژی جیهاد لە ئەفغانستان

28-09-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە :** کوشتنی ئەمیری پێشووی داعشی خۆراسان لەلایەن تالیبانەوە، هەروەها خۆبەخاوەنکردنی داعش لە چوار تەقینەوەی دژی تالیبان لە جەلالئابادی ئەفغانستان، کە هاوکاتن لەگەڵ ئاڵۆزبوونی پەیوەندی تالیبان و قاعیدە، پێشهاتی نوێ و جێگە سەرنجن لە پەیوەندی ئەو بزوتنەوە ئیسلامییە چەکدارانەی کە هەڵگری دروشمی حاکمیەتن بۆ ئیسلام لە ئەفغان و کیشوەری ئاسیا.

یاسین تەها|

کوشتنی ئەمیری پێشووی داعشی خۆراسان لەلایەن تالیبانەوە، هەروەها خۆبەخاوەنکردنی داعش لە چوار تەقینەوەی دژی تالیبان لە جەلالئابادی ئەفغانستان، کە هاوکاتن لەگەڵ ئاڵۆزبوونی پەیوەندی تالیبان و قاعیدە، پێشهاتی نوێ و جێگە سەرنجن لە پەیوەندی ئەو بزوتنەوە ئیسلامییە چەکدارانەی کە هەڵگری دروشمی حاکمیەتن بۆ ئیسلام لە ئەفغان و کیشوەری ئاسیا. پاش دەرپەڕاندنی قاعیدەلە سودان، مەلا محەمەد عومەری ڕێبەری پێشووتری تالیبان ئەو دەمەی نازناوی "أمير المؤمنين" ی لە ئەفغانستان هەڵگرت (1996_2001) داڵدەی ئەو ڕێکخراوەی دا. نەك هەرئەوە بەڵکو ئەزموونی حوکمڕانی بزوتنەوەکەشی لەسەر ئوسامە بن لادن دانا و نەیهێشت بکەوێتە دەست ئەمریکا، چونکە پێیوابوو شەریعەت ڕێگە نادات کەسێکی موسوڵمان رادەستی "بێباوەڕان" بکات، بەڵام لە وەرزی نوێی گەڕانەوەی تالیباندا بۆ سەر تەختی حوکمڕانیی کابول (15ی ئابی 2021) ڕێبەرەکانی ئێستای بزوتنەوەکە دەڵێن چیتر نە قاعیدە و نە داعش لە وڵات پێویست نین، نەك هەر ئەوە بەڵکو گفتی ئەوەشیان داوە بە ئەمریکا و قەتەر کە ڕێگە نەدەن وڵاتەکەیان ببێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی جیهان کە روونە مەبەست ئەو بزوتنەوە جیهادییانەیە کە بڕوایان بە سنوور نییە و ئەمەریکا دوژمنی سەرەکییانە لەپێش هەموویانەوە قاعیدەیە کە ڕێکخراوی دایکی داعشە.

پێشتر ڕێکخراوی قاعیدە بەیعەتیان بە ئیمارەتی تالیبان داوە وەك خانەخوێی ئەفغانستان. لە ئابی 2015 شدا تالیبان بەگرنگییەوە نوێکردنەوەی بەیعەتی ئەیمەن زەواهیری بە مەلا ئەختەری جێگرەوەی مەلا محەمەد عومەر ڕاگەیاند، ئەمەش لەپێناو دەرخستنی شەرعیەتی جیهادی کە چۆن جێگای متمانەی ڕێکخراوێکی وەك قاعیدەیە و ئەوەتا بەیعەتی پابەندبوونیشی پێ دەدات، بەڵام ئێستا کە بزوتنەوەکە پاش 20 ساڵ گەڕاوەتەوە بۆ حوکمڕانی ئەفغانستان، تاوێك بەفەرامۆشکردنی قاعیدە و خۆلادان لە ناوبردنی و تاوێکیتر بەجوابکردنی ئاشکرا مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

هێشتا زۆر روون نییە لە ئایندە قاعیدە چۆن مامەڵە لەگەڵ تالیبان دەکات و تا ئێستا بێدەنگی ئاشکرای هەڵبژاردووە، بەڵام ئەگەر وەك داعش بکەوێتە سەنگەری دژایەتیکردنی ئەم بزوتنەوەیەوە، ئەوە دوو لێکەوتەی سەرەکی لێ دەکەوێتەوە؛ لەلایەك ئەمەریکا و وڵاتانی ناتۆ ناچار دەکات پشتیوانی تالیبان و حوکمڕانییەکەی بن وەك قەڵغانی دژ بە مەترسییەکانی سەریان، ئەمەش لە قازانجی تالیبانە کە پێویستی زۆری بەهاوکارییە، لە لاکەیتر دەیخاتە بەردەم کێشەو قەیرانێکی دیکە گەورە کە "جیهاد دژی دژی جیهاد" ە، ئەم ئەگەرە ڕێتێچووەش سەردەکێشێت بۆ مەترسییەکی گەورەتر کە ئەگەری کۆچکردنی ناواخنە ئاینی و هەرە پابەند و ئسوڵییەکەی تالیبانە بەرەو قاعیدە و داعش کە ئێستا تالیبانی ئەفغانستانیان پێ لادەرە لە بنەما بنچینەییەکان، بەوپێیەی دەستی لەناو دەستی ئەمەریکا دانا لە قەتەر و خەریکبوو دۆناڵد ترەمپ قایلیان بکات بچن بۆ کامپ دیڤید بۆ ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنە دوو قۆڵییەکەیان.

لقە خۆراسانییەکەی داعش بە دوو هەزار کەسێك مەزەندە دەکرێت، ئەمەش زۆر نییە لەچاو 100 هەزار چەکداری تالیبان کە پڕچەکن بە نوێترین تەکنەلۆژیای ئەمەریکا و ئەوروپا کە لە هەرەسی حکومەتی ئەفغان دەستیان بەسەردا گرت، بەڵام لەبەر ئەوەی داعش هەمان ئەو تەکتیکانە بەکاردەهێنن کە تالیبان خۆی بەکاریدەهێنا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەمەریکا، لە بۆمبی موگناتیسی و شەڕی پارتیزانی و تەقینەوەی خۆکوژی، دەتوانن سەرئێشەیەکی گەورە بۆ تالیبان دروست بکەن کە ئێستا کات و دەرفەتی ئەوەی نییە زیاتر لە بەرەیەکی شەڕ بکاتەوە، ئەویش پاش بەشەڕهاتنی لەگەڵ چەکدارەکانی پەنجشیر کە بەخۆیان دەڵێن "موجاهیدین" و بەسەرۆکایەتی ئەحمەد مەسعود بوونەتە مەکۆی کۆکردنەوەی چەکدار و پێکهاتە نەیارەکانی تالیبان.

بەشێکی سەرەکیی پێکهێنەری تالیبان تۆڕی حەقانییە کە دەستە خوشکی قاعیدە و داعشن، ئەم خێزانە و شوێنکەوتەکانیان کە لە سیمبولە ئیسلامییەکانی سەردەمی شەڕی سۆڤییەتن لە هەشتاکان، وەك بەشەکەی دیکەی تالیبان لۆکاڵی و وابەستەی حوجرە تەقلیدییەکانی قوتابخانە دیوبەندییەکان نین، هەروەها کەیفیشیان بەو جوانکارییانە نایەت کە مەلا برادەر و مەکتەب سیاسییەکەی دەوحەی تالیبان لە پاش 2013بەسەر کاروانی بزوتنەوەکەیان هێناوە. پیشیانوایە ئەو سەرکەوتنەی لە ئەفغانستان دەست تالیبان کەوتووە بەرهەمی"جیهادە" نەك سیاسەت و دانوستاندن. هەر لەم سۆنگەیەشەوە هەندێك لە وەزیرەکانی حەقانی ( چوار لەیەك کابینە) بە مشتەکۆڵە هەوڵیانداوە لە مەلا برادەری سەرۆکی مەکتەب سیاسی تالیبان و یەکێك لە جێگرانی مەلا هەیبەتوڵڵا ئاخوند زادەی ڕابەری تالیبان بدەن کاتێك پێداگریی لەسەر حکومەتی بنکە فراوان و کرانەوەی زیاتر بەڕووی دنیا کردووە. ئەم مشتومڕەش بۆمبێکی دیکەی تەوقیتکراوە لەناو تالیبان و هەمووکات ئەگەری هەیە دووچاری ناکۆکی و بەریەککەوتنی ناوخۆییان بکات.

داعش و قاعیدە کە دەچنەوە سەر یەك بەرەباب لەوەدا ناکۆك بوون کە داعش بیرۆکەی ئیمارەتی ئیسلامی و حوکمی خۆجێی جیهادییەکانی لە هەندێ ناوچەی عێراق و سوریا پەرەپێدا بۆ ڕاگەیاندنی خەلافەتێکی گریمانکراو، لەکاتێکدا قاعیدە لە ترسی گەلەکۆمەی دنیا لە بەرانبەریان ئەوەیان نەدەکرد و دژی بوون. لە ئێستاشدا کە ئەم سێ ڕێکخراوە لە ئەفغانستان یەکانگیر بوون. پابەندیی

نێودەوڵەتی سەرشانی تالیبان و بەیعەتی پێشووی قاعیدە بە تالیبان و شەرعیەتی جیهادی داعش وەك فەرزێکی بەردەوام لە بڕوای بزوتنەوە چەکدارەکاندا، تێکەڵ و پێکەڵ بووە. لەم میانەیەشدا تالیبان پێیوایە شەرعیەتی کارکردن و قسەی کۆتایی تەنها بۆ ئەوە وەك خانەخوێی ئەفغانستان و داعش و قاعیدە دەبێت بڕۆن. ئەوانیش هەموو وڵاتان بەسەرزەمینی خودا دەزانن و لەناو تالیبان و لە خاکی ئەفغانستانیشدا گەرا و لایەنگریان هەیە و، ئەو ناکۆکییانەشی لەنێوان ئەم دوو دیدگایەدا هەیە کراوەیە بەڕووی ئەگەری شەڕێکی دیکەی خوێناوی ناوخۆیی ناو "موجاهیدە" ـەکان، هاوشێوەی هەمان ئەو شەڕە خوێناوییەی کە کەوتە نێوان بزوتنەوە ئیسلامییە ئەفغانییەکان پاش ئەوەی لە کۆتایی هەشتاکان کۆتاییان بە پێگەو هەژموونی سۆڤییەت هێنا لە خاکی ئەفغانستان.